# لە بەرامبەر گەمارۆکاندا
# گەنجانی کوردستان خۆیان زیاتر بە ئەرکدار دەزانن

سزا و گەمارۆ نارەواکانی عێراق و وڵاتانی دراوسێ لەسەر باشووری کوردستان، ئەویش تەنیا بە هۆی ئەوەی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان دوای نائومێدبوونی لە پێکەوەژیان و هاوبەشیی راستەقینە لەگەڵ عێراقێکی مەزهەبگەرا، بۆ ئیرادەی گەڵ گەڕایەوە، هەتا چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم لە رۆژی ٢٥ی ئەیلوول کە بووە رۆژێکی پرشنگداری مێژوویی، ئەوەندەی دیکە رووی یار و نەیاری بۆ کوردستانییان ئاشکرا کرد، بەڵام خەڵکی خۆڕاگری کوردستان بەگشتی و گەنجان بەتایبەتی، لەو دۆخەدا خۆیان بۆ بەرەنگاربوونەی هەر رووداوێکی نەخوازراو پتر ئامادە کردو ئامادەیی خۆیان بۆ بەرگری و پاراستنی دەستکەوتەکانی کوردستان دەربڕی. دیارە سەرۆك بارزانی پەیامەکانی بۆ کوردستانییان و کۆمەڵگەی جیهانی لە کاتی بەڕێوەچوونی کەرنەڤاڵەکانی پێشوازیکردن لە گەلپرسی بۆ سەربەخۆییدا، زۆر وردبینانەو راشکاوانەو ئاشتیخوازانە بوون، لەو هەڵمەتە گەورەیەدا وایان کرد، کورد خاوەن یەك حزب و ئەو حزبەش کوردستان بێت، هەر ئەو یەکڕیزییە بووە چەقڵی چاوی نەیارانی پرۆسەکەو بەپەلە سزای جۆراوجۆریان بە سەر کوردستاندا سەپاند. هەر لەوە بارەیەوە ژمارەیەك لە گەنجانی کوردستان راو سەرنجی خۆیان بۆ گۆڤاری گوڵان دەخەنەڕوو.



سەرەتا تانیا جەمال غەریب، سەرۆکی پەیمانگای ناوین بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لە بارەی پرسی سزای ئابووری لەسەر کوردستان و ئەرکی هاووڵاتیان بەگشتی و گەنجان بەتایبەتی لەو دۆخەدا دەڵێت: بە درێژایی خەباتی چەندین ساڵەی میللەتی کورد هەرگیز ئەوە رووی نەداوە کە لە پێناو پارووە نانێکدا تاکی کورد چۆکی دادابێت، پێشمەرگەی قارەمان و گیان لەسەر دەست بە نانە رەقەی گیرفانیان شۆڕشی مەزنیان کردووە، میللەتی خۆڕاگریش بەرگەی هەموو نەهامەتییەکی گرتووە هەر لە نەبوونی، ئاوارەیی، راگواستن، تەعریب، ئەنفال، کیمیاباران و کۆکوژی و جینۆسایدی گرتووە، هەتا دەگاتە هەڵمەتی دڕندەکانی داعش و بڕینی قووتی خەڵك و دەستبەسەرداگرتنی بودجەی کوردستان لەلایەن حکومەتی نوێی عێراقەوە، ئێستاش لە دوای پرۆسەی سەرکەوتووی ریفراندۆم، ئەو ئیرادەیە و ئیرادەی میللی بەهێزتر بووە و هاووڵاتیان بەگشتی و گەنجانی وڵات بەتایبەتی ئامادەی هەر جۆە رووبەڕووبوونەوەیەکن بۆ ئەوەی دەستکەوتەکان بپارێزن، ئەو گەمارۆ بێ سەروبەر و ناڕەوا و دوژمنکارانەیە، زیاتر خۆیان زەرەرمەند دەکات، گەنجانی ئێمە لە کەرنەڤاڵەکانی ریفراندۆم بە جیهانیان نیشان دا کە خاوەن چ ئیرادەیەکن و ئاواتی گەورەیان ئەوەیە خوێنی شەهیدان و قوربانییانی وڵاتەکەمان بەفیڕۆ نەڕوات و ئەو خەونەیان بێننەدی، کە تەنیا خۆی لە سەربەخۆیی کوردستاندا دەبینێتەوە.»

ئەشقی حەمەدئەمین میرخان، پێشمەرگەیەکی گەنجە لە بارەی سزاکانی کوردستان و ئەرکی گەنج لەو دۆخەدا زۆر بە حەماسەتەوە دەڵێت: «هیچ گەمارۆ و سزایەك ناتوانێت لە خواستی رەوای سەربەخۆیی گەلەکەمان پاشگەزمان بکاتەوە، چونکە ئیرادەی پێشمەرگە و گەنجانی نیشتمانپەورەر و خەڵکی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، لە گەمارۆ زۆر گەورەترە، پێشتریش میللەتی ئێمە لە رابردوودا بۆ چەندین ساڵ لە ژێر فشار و گەمارۆی گەورەدا بووە، بەڵام بە ئیرادەیەکی زۆر بەهێز بە سەر هەموو کۆسپەکاندا زاڵ بووە و سەرکەوتنی مێژوویی تۆمار کردووە، ئێستاش ئیرادەی ئەو میللەتە لەو پەڕی بەهێزیدایە و هیچ هەڕەشە و فشارێك ناگاتە ئەوەی ئێمە پاشەکشە لە ئیرادەی خۆمان بکەین، هەموو سزاکانی عێراق و وڵاتانی هاوبیری لە دژی کوردستان نایاسایی و نامرۆڤانەن، بۆیە کۆمەڵگەی جیهانی لێی بێدەنگ نابێت و ئێمەی گەنجیش تا دوادلۆپی خوێن بەرگری لە دەستکەوتەکانی کوردستان دەکەین، لە سەر ئەو مافانەش کە تا ئێستا پێشێل دەکرێن، ئەگەر گفتوگۆ ئەنجامی نەبێت، شەڕی بۆ دەکەین.»

بەڵام شیلان بیبانی کە شارەزایە لە بواری ئابووری و بڕوانامەی ماستەری لە کارگێڕیی کار هەیە، لە رووی ئابوورییەوە خوێندنەوە بۆ پرسەکە دەکات و دەڵێت: «نەك لە ئێستادا، بەڵکوو لە رابردوویەکی دوورەوە هەموو جیهان شەڕی ئابووری کردووە، واتە پێش ئەوەی شەڕی سەربازی بکرێت، پەنایان بۆ شەڕی ئابووری بردووە، یان دەرگای بازرگانی و مامەڵەیان لەسەر یەکتر داخستووە.» سەبارەت بە سزاو گەمارۆکانی عێراقیش لەسەر کوردستان رایوایە: «بەغدا گیرۆدەی شەڕی تائیفی بووە و هیچ کارتێکی سیاسی بە دەستیەوە نەماوە، بۆیە پەنا بۆ شەڕی ئابووری دەبات و بەو جۆرە پەلاماری قوتی خەڵکی کوردستان دەدات، ئەوە بۆ چوار ساڵ دەچێت، بەغدا بودجە و مووچەی کوردستانی بڕیوە، ئەویش هاوکات بووە لەگەڵ شەڕی تیرۆریستانی داعش و هاتنی نزیك بە دوو ملیۆن ئاوارەی شەڕ بۆ کوردستان، کە تێچوویەکی مرۆیی و ماددی زۆر زۆری بووە، هەم بۆ پێشمەرگە قارەمان و فیداکارەکانی کوردستان کە ژمارەیەکی زۆریان گیانیان بەخشی و شەهید بوون، هەم بۆ حکومەتی کوردستان کە کە ئیدارەکردنی ئەو قەیرانە گەورەیەی لەسەر شان بووە. بێگومان ئەو غەدر و ستەمەی عێراقی نوێ لە کوردستانی کردووە، هەم میللەت و هەم حکومەتی کوردستانی فێر کرد، بە خۆڕاگری و پێداگری و سووربوون لەسەر مافە رەواکان، لە بەغدا بێمنەت بن، هەروەها ئەو سزا ئابوورییانە و داخستنی سنوورەکان، زیانی گەورەی بۆ عێراق و ئێران و تورکیا هەیە، بەو پێیەی کە کوردستان خاوەنی گەورەترین دەروازەی ئابوورییە، ئەوان بەرگەی ئەو خەسارە ئابوورییە گەورەیە ناگرن، بەتایبەتی کە هەموو لایەکیان شەڕی بەوەکالەت ئیفلیجی کردوون. بۆ نموونە، تورکیا بە هەڕەشەکانی لە کوردستان پشکی ئەو وڵاتە لە بازاڕی بورسە زۆر دابەزی و زیانی زۆری بەرکەوت، جگە لەوەش نرخی نەوت دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی رۆژ بە رۆژ بەرزتر دەبێتەوە. کۆمەڵگەی جیهانیش هیچ متمانەیەکی لە رووی ئابوورییەوە بە عێراق نەماوە، رێکخراوی جیهانیی نەوت (ئۆپێك) لەگەڵ عێراق زۆر ناتەبایە، هیچ کۆمپانیایەك بە هۆی نائەمنی ئامادە نییە لە بەغدا کاربکات، ئەمانەش هەموو لە بەرژەوەندیی کوردستانن، وڵاتێك کە لە رووی سەربازی و سیاسییەوە داڕووخابێت، گەشەی ئابووری ناکات.»

وڵات نەهری، سکرتێری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە فینلاند، ئاماژە بەوە دەکات کە «سەرکەوتنی ریفراندۆمی کوردستان بە رێژەی ٩٢،٧٣٪ دەنگی (بەڵێ)ی بەشداربووان بۆ سەربەخۆیی، هەروەها ئەو بەشدارییە بەرینەی نەتەوەی کوردو هەموو پێکهاتەکانی نەتەوەیی و ئایینی لە باشووری کوردستان لەو پرۆسەیەدا، جیهانیانی دڵنیا کردەوە کە چیتر کوردستانییان ئامادە نین بەشێک بن لە عێراقێکی وێران کە تێیدا رێزگرتن لە فرەچەشنیی کۆمەڵگە، پەیمانەکانی هاوبەش، دەستوور و یاساکانی وڵات و بنامەکانی مافی مرۆڤ سەروەر نییە، ئەوەش حکومەتی عێراق و وڵاتانی دراوسێی تووشی قەیرانێکی گەورەی سیاسی کرد. دیارە سیاسەتی دژەکوردی ئەم وڵاتانە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە. هەر کاتێک کە نەتەوەی کورد هەنگاوی بەرەو بەدەستهێنانی مافە رەوایەکانی هەڵگرتبێت، ئەوان سەرەڕای هەموو کێشەکانیان لە دژی کورد یەکگرتوو بوون و بۆ ناچارکردنی گەلی کوردستان بە مانەوە لە ژێردەستی، پەنایان بۆ هەموو کردەوەیەکی دژەمرۆڤی، دژەئەخلاقی و دژەیاسایی و تەنانەت کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدی نەتەوەیی

**بەغدا گیرۆدەی شەڕی تائیفی بووە و هیچ کارتێکی سیاسی بە دەستیەوە نەماوە، بۆیە پەنا بۆ شەڕی ئابووری دەبات و بەو جۆرە پەلاماری قوتی خەڵکی کوردستان دەدات**

**بۆ چوار ساڵ دەچێت، بەغدا بودجە و مووچەی کوردستانی بڕیوە، ئەویش هاوکات بووە لەگەڵ شەڕی تیرۆریستانی داعش و هاتنی نزیک بە دوو ملیۆن ئاوارەی شەڕ بۆ کوردستان، کە تێچوویەکی مرۆیی و ماددی زۆر زۆری بووە**

**رێکخراوی جیهانیی نەوت (ئۆپێک) لەگەڵ عێراق زۆر ناتەبایە، هیچ کۆمپانیایەک بە هۆی نائەمنی ئامادە نییە لە بەغدا کاربکات، ئەمانەش هەموو لە بەرژەوەندیی کوردستانن، وڵاتێک کە لە رووی سەربازی و سیاسییەوە داڕووخابێت، گەشەی ئابووری ناکات**

**گەنجانی ئێمە لە کەرنەڤاڵەکانی ریفراندۆم بە جیهانیان نیشان دا کە خاوەن چ ئیرادەیەکن بۆ ئەوەی خوێنی شەهیدان و قوربانییانی وڵاتەکەمان بۆ سەربەخۆیی بەفیڕۆ نەڕوات**

**میللەتی ئێمە لە رابردوودا بۆ چەندین ساڵ لەژێر فشار و گەمارۆی گەورەدا بووە، بەڵام بە ئیرادەیەکی زۆر بەهێز بە سەر هەموو کۆسپەکاندا زاڵ بووە و سەرکەوتنی مێژوویی تۆمار کردووە**

بردووەو لەمەو بە دواش ئەگەر بۆیان بکرێت، دریخی ناکەن. ئێستاش دەیانەوێت بە سزادانی سەرجەم هاووڵاتیانی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانی ئایینی و نەتەوەییەوە، سەرکردایەتی کوردستان لە راگەیاندنی سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان پاشگەز بکەنەوە. ئەم هەڵوێستە نامرۆڤیانە دەگەڕێتەوە بۆ تێنەگەیشتنیان لە مێژووی هاوبەشیان لەگەڵ نەتەوەی کورد.» هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «نەتەوەیەک کە بە کۆمەڵکوژی، کیمیاباران، ئەنفال، دەربەدەری و گەمارۆ و گەمارۆکانی رژێمەکانی پێشوو، سیاسەتی دژەکوردی حکومەتی ناوەندی لە ساڵانی رابردوو و هێرشی تیرۆریستانی داعش نەشکا، بە سزا و گەمارۆی ناڕەوای عێراقی شکستخواردووی مەزهەبگەرا ناشکێت و کوردستانییان لێبڕاوانەتر بەرگری لە مافەڕەواکانی خۆیان دەکەن.» جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «سەرکردایەتیی کوردستان بە جەختکردن لەسەر پابەندبوون بە بڕیاڕی گەلی کوردستان و دیالۆگ و وتووێژ پەیامێکی ئاشتییانەی ئاراستەی حکومەتی ناوەندی و جیهانی کردووە. ئەم پەیامە لە بواری یاسای نێونەتەوەیی و دیپلۆماسییەوە زۆر بەهێزە و وڵاتانی پێشکەوتوو ناچار بە پشتگیری کوردستان دەکات. لە کاتێکدا کە کوردستان دەیەوێت بە لەیەک تێگەیشتن لەگەڵ دراوسێیەکان و رێزگرتن لە مافی هەموو کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینیەکان بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو بنێت، گەمارۆ و گەمارۆ و هەڕەشەکان جێگەی شەرمەزارین و کوردستان بە سەربڵندی دەتوانێت لە نێو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دژیان راوەستێت و پاڵپشتیی دیپلۆماسی بەدەست بێنێت.» پێداگری لەسەر ئەوەش دەکات کە «بۆ پشتگیری لە وتووێژ و پەیوەندییە دیپلۆماسیەکان پێویست دەکات کوردستانییان لە ناو وڵات و تاراوگە بە ئەرکی خۆیان هەستن. لە ئەگەری بەردەوامبوونی گەمارۆ و هەڕەشەکانی حکومەتی عێراق و وڵاتانی دراوسێ دژی ئیرادەی گەلی کوردستانیش، پێویست دەکات ئەزموونی پاڵپشتی لە ریفراندۆم و سەربەخۆیی دووبارە بکرێنەوەو کوردستانییان بە یەکڕیزی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات گردبوونەوە، خۆپێشاندان و مانگرتنی گەورە و بەردەوام ساز بکەن بۆ گەیاندنی دەنگی ناڕەزایەتییان بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی. ئەم چالاکییانە سەرکردایەتی کوردستان، دامودەزگاکانی حکومەتی کوردستان، حزب و لایەنە سیاسییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاک و دۆستانی کورد لە دەرەوەی وڵات و میدیاکانی کوردستانی ئەرکدار دەکات. ئەم چالاکییانە پێویستی بە هەماهەنگی بەهێز و سەردەمییانە هەیە کە دەکرێت لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی و حکومەتی کوردستانەوە بەڕێوەبەری و پاڵپشتی بکرێت. بە ستراتیژی و پەیامی هاوبەش و بەشدارپێکردنی بەرینی کوردستانییان و دۆستانمان لە دەرەوەی وڵات، دەتوانین پەیامێکی یەکگرتوو ئاراستەی جیهان و ناوەندەکانی بڕیاردان بکەین و پشتگیری کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ بەدەستهێنانی مافە رەواکانمان و دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ بەدەست بێنین. لە ئەگەری بەردەوامبوونی سزاکان لەسەر گەلی کوردستان، یان هەر هێرشێکی سەربازی، ماف و ئەرکی رەوای هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەتایبەتی ئەرکی گەنجانە کە بەرگری لە ئیرادەی نەتەوەکەمان و خاکی پیرۆزی کوردستان بکەن. «

ئاری حاجی نووسەرە و ئەویش وەك گەنجێك سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «هەموو شتێك ئەگەر بە قۆناغبەندی کاری بۆ کرا، سەرکەوتوو دەبێت، نموونە بۆ ئەوە. کوردستان چەندین شۆڕشی کرد، دواتر لە ساڵی ١٩٩١ قۆناغێکی باشی بڕی، بەوەی لەژێر حوکمی بەعس خۆی رزگارکرد و دواتر لە ساڵی ٢٠٠٣ توانی ببێتە بەشێکی گرنگی پڕۆسەی سیاسی لە عێراق و لە ئێستاشدا لەلایەن سەرۆك بارزانی بڕیاری ریفراندۆم و جیابوونەوە درا لەکات و ساتێکی گونجاو، بۆیە سەرکەوتن بە مسۆگەری دەبینم. بێگومان لەدوای پەیدابوونی گرووپی تیرۆریستیی داعش شتێك نەما بەناوی عێراق و یەکپارچەیی خاکەکەی، ئۆتۆماتیکی خاکی عێراق بەسەر سێ هەرێمدا دابەش بوو، پرۆسەی سیاسیش ئیفلیج کرا، بەتایبەت لەگەڵ کورد کە حکومەتی بەغدا چەندەها پێشێلکاری دەستووری لە دژی دانیشتووانی کوردستان ئەنجامدا، لەلایەکی دیکەشەوە شەراکەت لە نێوان هەرسێ پێکهاتەی کورد و سوننە و شیعە بەرەو نەمانی تەواوەتی چووە. ئەمانە ئەوەمان پێدەڵێن کە چیتر کوردستان بەشێك نابێت لە عێراق و بۆتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، لەلایەکی دیکەشەوە گەمارۆ و هەڕەشە شتێکی تازە نییە بۆ خەڵکی کوردستان و ناتوانێت پەکمان بخات و ساردمان بکاتەوە. ئەوەی پێویستە خۆڕاگری خەڵك و یەکدەنگیی لایەنە سیاسییەکانی ناوخۆی کوردستانە. کارکردن بۆ سەربەخۆیی ئابووریش لەسەر ئاستی تاك، بەتایبەت ئافرەت کارێکی گرنگە و دەتوانێت ئافرەت وەك تاکێکی بەهێز دروست بکات، ئەوەش دەبێتە هۆی دروستبوونی ئارامی لە نێو خێزانەکان بەوەی شانبەشانی پیاو ئافرەت کار دەکات و ئەرکی سەرشانی پیاو سووك دەکات، بەوەش کۆمەڵگەیەکی تەندروست و بەهێزتر بەرهەم دێت.»



# خانمان داوای یەکڕیزیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەکەن

گەوهەری پرۆسەی سەربەخۆیی لەهەر قۆناخێکداو بۆ هەر نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، تەنیا یەکڕیزی و ئیرادەی هاوبەش بووە، پرسی سەربەخۆیی کوردستانیش کە بە هەوڵ و هیممەتی سەرۆك بارزانی لە ناوچەکە و ناوەندە جیهانییەکاندا بووە پرسێکی بەرباسان، بە بێ ئەو یەکڕیزییە و بە بێ هیممەت و ئیرادەی یەکگرتووی سەرکردایەتیی کورد و قارەمانەتی و گیانفیدایی پێشمەرگە، نەیدەتوانی ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوول بۆ کوردستانییان بکاتە ڕۆژێکی پرشنگداری مێژوویی، واتە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی تەواوی خەڵکی کوردستان و سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، پێوەری سەرەکییە بۆ هێنانەدی خەونی میللەتێك کە سەدان هەزار قوربانی بۆ داوە، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە یەکڕیزیی نێوان هێزە سیاسییەکان و یەکهەڵوێستی خەڵکی کوردستان، هێز و تینێکی زیاتر بە پرۆسەکە دەدات، لەم ڕوانگەیەوە خانمان خوازیارن بۆ ئەم قۆناخە تێڕوانین و بۆچوونی تەواوی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە گۆشەنیگای پرۆسەی سەربەخۆییەوە ئەم واقیعە بخوێننەوە، نەك لە گۆشەنیگای بەرژەوەندیی حزبییەوە لێی بڕوانن. خانمانی کوردستانیش لەو پرسە چارەنووسسازەدا دەنگ و بۆچوونی خۆیان هەیە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



**ئەگەر لەناو خۆمان یەکریز نەبین و یەکتری ببرین، ئەوا دەبین بە پارووی ئاسان بۆ دوژمنانمان و بە ئاسانی قوتمان دەدەن**

**لەم بارودۆخەی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی ئەگەر یەکریزی نەپارێزین، لاواز و رەنج بەخەسار دەبین، بەپێچەوانەوە داگیرکەرانی کوردستان لە زۆر شت دژی یەکترن، کەچی لە دژی پرسی کورد رێککەوتن دەکەن بۆ ئەوەی ئاسانتر دژایەتی ئامانج و دەستکەوتەکانمان بکەن**

سەرەتا د. نازەنین عوسمان لە کۆلێژی ڤێترینەری زانکۆی سلێمانی، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «کورد دوژمنی زۆرە لە چەند هەفتەی رابردوو تەنانەت ئەو دەوڵەتانەی کە کورد بە دۆستی دێرین، یان دوستی دوارۆژ و ستراتیژی دانابوون، لە کورد هەڵگەرانەوە و پەیامی دۆستایەتییان بۆ هەرەشەکردن گۆڕی، گوتیشی: «ئەگەر لەناو خۆمان یەکریز نەبین و یەکتری ببرین، ئەوا دەبین بە پارووی ئاسان بۆ دوژمنانمان و بە ئاسانی قوتمان دەدەن. بە داخەوە مێژووی کورد پڕە لەو خاڵە رەشانە کە بە هۆی ناتەبایی نێوان کورد خۆی، لایەك لایەنێکی تری خستۆتە سەر سفرەی دوژمنی کورد و بە خواردنی داوە. ناکرێت و نابێت کورد مێژووی ناتەبایی ناوخۆیی دووبارە بکاتەوەو عیبرەت وەرنەگرێت. ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستە کە هێزە سیاسییەکان دەست بۆ یەکتر درێژ بکەن و تەنازول بۆ یەکتر بکەن، ئەوە باشترە لەوەی تەنازول بۆ دوژمنانمان بکەن، ئەمە نە عەیبەو نە لێیان کەم دەبێتەوە، بەڵکو پێی گەورە دەبن، چونکە ئەو کوردستانە تێك بچێت، لە هەموان تێك دەچێت، کە لافاو هات،ماڵی کەس جیاناکاتەوە.»

کاڵێ فەقێ وسو، ئەندامی سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی دیموکراتی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس رایوایە «یەکریزی فاکتەر و هۆکاری سەرەکیی پێشوەچوونەکانە لە گشت بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دادپەروەری و دیموکراسی و.. هتد»، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، بە تەبایی و هەماهەنگی بیربکەنەوەو بەرژەوەندی گشتی بخەنە سەرووی بەرژەوەندیی حزبی، تەنیا بەوەش یەکریزی و کۆدەنگی مسۆگەر دەکەن، تا ئایندەی کوردستان دیار و رۆشنتر بێت. گوتیشی: «لە هەر وڵاتێکدا کە هزری جودا و بەتایبەتی دژ بەیەك و لایەنە سیاسییە جۆراوجۆرەکان بوونیان هەبێت، بابەتێکی ئاڵۆز کە دەبێ کاری جددی بۆ بکرێ بابەتی دروستکردنی تەبایی و یەکریزییە. وڵاتپارێزی و نیشتماندۆستی بە دەرەجەی یەك، خۆی لە تەبایی و بە یەکەوەبووندا دەبینێتەوە، هەروەها یەکریزی تەنیا تایبەت نییە بە لایەنە سیاسییەکان، بەڵکو بۆ گشت پێکهاتە و رەنگ و دەنگە جیاوازەکان دەبێ کاری لەسەر بکرێ هەتا ئاشتەوایی گشتی مسۆگەر بکرێت. بۆیە پێویستە هەموان بە یەکەوە بە رۆحی لێبووردەیی کار بۆ دروستکردنەوە و بونیادنانەوەی تەبایی و یەکریزیی بکەین. دەبێ هەموان بە رۆحی کوردستانیبوون و بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکان و گشت لایەنە سیاسییەکانەوە بۆ یەکریزی تێبکۆشن و ئەرکی بەرپرسیارەتی مێژوویی خۆیان بەجێ بگەیەنن. پێویستە بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمانی، هەموان لە ژێر چەتری سەربەخۆییدا کۆ بکاتەوە. کوردستان بە قوربانیدانێکی مەزن و تێکۆشانی بێوچانی رۆڵەکانی گەیشتۆتە ئەو قۆناغەی ئێستا. دەبێ کار بۆ چنینەوەی ئەو رەنج و قوربانیدانە بکەین. چونکە ئێمە لە قۆناغی رزگاریی نیشتمانی و خەباتی سەربەخۆیی کوردستانداین، پرسی کوردیش سنوورەکانی سیاسەت و دیپلۆماسیی لۆکاڵی بڕیوە و بۆتە پرسێکی جیهانی. بۆیە کوردستان بە قۆناغێکیی زۆر هەستیار و ناسك تێدەپەڕێت. بۆیە لە ئێستادا، پێویستە کوردستانیان لە هەر رەنگ و باوەڕێك بن، کێشە و ململانێ ناوخۆییەکان وەلا بنێن و یەکریزی و کۆدەنگی بکەنە دیاریی سەرکەوتن بۆ میللەت و پاشەکشە بە نەیارانی کوردستان بکەن. بێ شك فاکتەری سەرەکی مانەوەی



دەستکەوتەکان و هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی وڵات، یەکڕیزی لایەنەکانە بە پشتیوانیکردنی هاووڵاتیان. ئەگەر سەربەخۆیی کوردستان و بەختەوەری و رزگاری یەکجاری، ویستی راستەقینەی لایەنەکان بێت، ئەوە یەکڕیزی و کۆدەنگی لەسەر پرسە نیشتمانی و چارەنووسسازەکان ئاسانتر دەکات .»

ناسك تۆفیق کارگێڕی ئەنجومەنی جێبەجێکردنی یەککگرتوو، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئەگەر تەبایی و یەکڕیزی بۆ بەڕێوەبردنی هەموو دەوڵەتێکی خاوەن سیادەو دەستوور پێویست بێ، ئەوا بۆ کوردستانییان و بەتایبەتی لە ئێستادا ئاوی حەیات و ئۆکسجینی ژیانە. لە پێنج ساڵی رابردوو دەرهاویشتەی ئەو ناتەبایی و دژایەتیکردنە ناوڕەوایە ناوخۆییەمان بەئاشکراو بە چاوی خۆمان بینیوە، شوێنەوارو کاریگەری ئەوەش نەك لە سەر نەوەی ئێستا بەڵکو لەسەر نەوەکانی داهاتووش دەبێ، ئێستە لە بەردەم هەلومەرجێکی تەواو جیاوازو مێژووییداین، ئەویش مامەڵەکردنێکی تەندروستە لەگەڵ ئەنجامی ریفراندۆم و دەنگدانی هاووڵاتیانی ئەم کوردستانەو بەدیهێنانی خەون و خەباتی لەمێژینەی گەلەکەمان کە ئەویش سەربەخۆییە، بۆیە تەبایی و یەکڕیزی یەکێکە لە هۆکارە هەرە گرنگ و لەپێشینەکان بۆ پیشخستنی هەنگاوەکان بەرەو سەربەخۆیی و چنینەوەی رەنج و هەوڵ و خەباتی چەندین ساڵەی ئەم میللەتە بەشمەینەتە، ئەگەر یەکریز تەبا نەبین لەناوخۆدا دیسان دەرفەتێکی ناوازەو گرنگی تر لە دەست دەدەین و بەرپرسیار دەبین لە بەردەم ئێستاو داهاتووی میللەتەکەمان و خاڵێکی رەش لە مێژوو تۆمار دەکەین.»

فلامینا وەحید بەڕێوەبەری نووسینگەی منارە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «گەلی کورد دوژمنی زۆرەو بەهۆی بەرژەوەندییەکانیش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناتوانێت بە ئاشکرا پشتگیری خۆیان بۆ خواستی رەوای کورد رابگەیەنن.» هاوکات دەڵێت: «ئێمەی کورد بە پێی رێککەوتننامەی سایکس پیکۆ بە زۆرەملێ و بە بێ ویستی خۆمان لە ژێر چەتری چوار دەوڵەتی ستەمکار دابەش کراین، ئەوەش چەندین شۆڕش و قوربانیدانی لێکەوتووەتەوە، ئێستاش لەم بارودۆخەی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی ئەگەر یەکڕیزی نەپارێزین، لاواز و رەنج بەخەسار دەبین، بەپێچەوانەوە داگیرکەرانی کوردستان لە زۆر شت دژی یەکترن، کەچی لە دژی پرسی کورد رێککەوتن دەکەن بۆ ئەوەی ئاسانتر دژایەتی ئامانج و دەستکەوتەکانمان بکەن. بۆیە یەکڕیزی و تەبایی زۆر پێویستە و ناکرێت بە هیچ بیانوویەك ناکۆك بین. بە ئومێدم هەر تاکێکی کوردستانی بە هەموو پێکهاتەکانی نیشتمانەوە کاریگەری خۆیان هەبێت و لایەنە سیاسییەکان ناچار بکەن بۆ ئەوەی هاوتەریب و یەك هەڵوێست بن، هەتا بتوانن بە هەنگاوی کارا بەرەو سەوەریی سیادی و سەربەخۆییمان ببەن، هیوادارم بە ناتەبایی رەنجی خەبات و قوربانیدانی گەلەکەمان و خۆیان بە فیرۆ نەدەن. هەموومان وەك جەژنێك بەرەو سندوقەکانی دەنگدان چووین، داوای میللەت سەربەخۆیی بوو، پێویستە لەوە تێبگەن و هێز و پێگەی سەرۆك بارزانی ببینن و پشتیوانی بن، چونکە ئەگەر هێزمان لە گەورەمان کۆنەکەینەوە، پەرتەوازە و بێ هێز دەبین، چونکە لە خۆمان زیاتر هیچ پاڵپشتی ترمان نییە، با ئەو بیرۆکە بێ بنەمایانەی کە بە عێراقی داڕووخاوی تائیفی گرێمان دەداتەوە، وەلانێن و لەگەڵ میللەتی خۆیان راست بن و واقعی دونیا ببینن، ئەگەر یەکڕیز بین ئەو کات جیهانیش حیسابێکمان بۆ دەکات .

**ئەگەر تەبایی و یەکڕیزی بۆ بەڕێوەبردنی هەموو دەوڵەتێکی خاوەن سیادەو دەستوور پێویست بێ، ئەوا بۆ کوردستانییان و بەتایبەتی لە ئێستادا یەکڕیزی ئاوی حەیات و ئۆکسجینی ژیانە**

**هەمووان وەک جەژنێک بەرەو سندوقەکانی دەنگدان چووین، داوای میللەت سەربەخۆیی بوو، پێویستە لەوە تێبگەن و هێز و پێگەی سەرۆک بارزانی ببینن و پشتیوانی بن، چونکە ئەگەر هێزمان لە گەورەمان کۆنەکەینەوە، پەرتەوازە و بێ هێز دەبین**

